# یەکگرتنی هەردوو ئیدارە و بەشداری حزبەکانی تر؟

**نوسینی : تەها سلێمان**

یەکێك لەکێشە هەرەگرنگ و هاوکات ئاڵۆزەکانی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان لەچەندساڵی ڕابردوودا ، مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردستان بوەو لەم پێناوەشدا لەدەرەوەی( پارتی و یەکێتی) ماندووبوونێکی زۆر کراو تەنانەت دەتوانم بڵێم قوربانیش درا. نابێتە زیادڕۆیی ئەگەر بڵێین پارتی و یەکێتی لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەوەندەی لەهەڵپەی بەرژەوەندیە حزبیەکانی خۆیاندا بوون ،زۆر کەمتریش لەوە هۆگری ئەو هەوڵ و کۆششانە نەبوون کەبۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە کە و ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کوردی و بەرهەم هێنانی گووتارێکی یەکگرتووی ئاراستەکراوی کوردی دەدران. ئەمە لەماوەی ڕابوردوودا گەورەترین گرێ و ئاستەنگی بەردەم ڕەوینەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بوە . ناکرێ بەسەر ئەوەشدا ببوێرین کەپارتی و یەکێتی بەقەدیەکتر لەم هاوکێشە سیاسیە ئاڵۆزەدا خەتابارو کەم تەرخەم بوون ، بەپێچەوانەی ئەوەی ئەگەر بوترێ یەك لەو دوانە هۆکاری بەئاکام نەگەیشتنی یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو ڕێکنەخستنەوەی ناوماڵی کوردی و ئفلیج بووی گووتاری کوردین لەئاستی ڕووداو پێشهاتەکاندا. من بڕوام وایە ئێستاشی پێوەبێت لەناوسەرکردایەتی هەردووحزبی دەسڵاتداری هەردوو ئیدارەکەدا، کۆمەڵە بۆچونێکی یەکتر بڕی ناسروشتی هەیەو یەکەمیان لەگەڵ یەکگرتنەوەو دووەمیان دژ بەیەکگرتنەوەیە، ئەگەر ئەوەی یەکەم ئەمڕۆ بەهێزتر بێت ، تادوێنێی ڕابردوو ئەوەی دووەم بەهێزتر بوو، بگرە بۆچونی یەکەم لەئاستی بۆچوونی دووەمدا لاوازو ناکارابوو، بۆیە نەیدەتونی بوونی خۆی بەدیوی پۆزەتیفدا بسلمێنێ و بۆچوونی دووەم بداتە دواوەو بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا سەر کەوێ. ئەوەش ناشاردرێتەوە کەئەگەر ڕووخانی ڕژێمی (بەعس) لەساڵی 2003 نەگەیشتایەتە ئاستی بەرجەستەبوون و بابەتی بوون و پێویستی هاوکێشە سیاسیەکانی عێراق و ڕادەی فراوانبوونی مەترسیەکان لەسەر دۆزی کوردو مەسەلە ڕەواکەی نەبوایە ، لای هەردوو سەرکردایەتی حزبی دەسڵاتدار یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە بەوشەکڵەی ئێستا نەدەبوە ئەمری واقیع و هەنگاوی کرداری بۆنەدەنرا. واتە دەبێت دان بەوڕاستیەدا بنێین  کەهەردووسەرکردایەتی حزبی دەسڵاتدار پڕۆژەیەکیان لەبەردەست نیە بۆ ئیدارەدانی دۆخی مەسەلەی کوردی و پێشهات و ڕووداوەکانی بەردەمی ، بەپێچەوانەوە یان دەبێت واقیع فەرزی کا بەسەریاندا، یان ئەوەتا بەرژەوەندی حزبی چۆنی خواست بەوشەکڵە مامەڵە دەکەن. زۆربەی کاتیش لەم نێوانەدا بەرژەوەندی تەسکی کەسایەتیە دەست ڕۆیشتوەکانی ناو هەردوو سەرکردایەتی حزبی دەسڵاتدارتلۆقە دەکەن و دێنە پێشەوەو دوتریش خۆیان دەسەپێنن.

ئەوڕوونکردنەوەی سەرەوەم زیاتر بەمەبەستی ئەوەبوو قسەیەك لەڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی هەردووئیدارەی سلێمانی و هەولێربکەم، کەلەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕاگەینراو ڕاگەیاندنی ئەم یەکگرتنەوەش ئەگەرچی درەنگ وەخت بوو ، بەڵام هێشتاکاریگەری خۆی دەبێ و لەپێویستیە هەرەگرنگ و بنەڕەتیەکانی دۆزی کوردییە لەعێراقدا. بەدیوەکەی تردا نابێت ئەوەمان لەبیر بچێ کە پڕۆژەی خودی ئەم ڕێکەتنە زۆر وردەکاری تیایە کە پارتی و یەکێتی بەتووندی دەخاتە بەردەم بەپرسیارێتی و پرسیارەوە، پێش هەموو شتێ ئایا: ئەم یەکگرتنەوە یەکگرتنەوەیەکی شەکڵی یە یاخوود کرداری و لەناوەڕۆکدا دەبێتە پڕۆژەی یەکگرتنەوەی  هەردوو ئیدارەو ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کوردی و ئیش کردن لەسەر مکۆم کردنی توخم و ڕەگەزەکانی گووتاری کوردی لەئاستی ڕووداو و پێشهاتەکاندا؟ لەپاڵ ئەمەشدا پرسیارێکی تر هەیە دەبێت بکرێ ئایا:جیالەپارتی و یەکێتی ڕۆڵ و بەشداری حزبەکانی تر لەم ڕێکەتنە چیە و  بەکام ئاراستەدا دەڕواو پێویستە؟

من بۆخۆم گوومانم لەوە هەیە ئەم ڕێکەوتنە لەناوەڕۆکدا گوزارشت لەکۆی پێکهاتەی هەردووحزب پارتی و یەکێتی بکات، لەکاتێکا بڕوای تەواوم بەوە هەیە کەدەبێت ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە هەڵقولاوی بڕوای تەواوی هەردوو حزب بێت لەسەرەوە بۆ خوارەوە، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوا بۆی هەیە لەساتێکی چاوەڕوان نەکراودا ئەو ڕێکەوتنە بەهەموو مانایەك هەڵوەشێتەوەو ئاکامەکانی بەخراپترین شێوە بەسەر کۆمەڵگاکەماندا بشکێتەوە. بۆیە گرنگە ناوەڕۆکی ئەم ڕێکەتنە بەوردی تەوزیف بکرێ و حزب حزب بێت و حکومەتیش حکومەتبێت، نەك حکومەتێکی شەکڵیمان هەبێت و لەبەرامبەردا دووحزبمان هەبێت هەریەك لەهەرێمێك دەسڵاتداربن و لەبری بەرجەستەکردن و جێ بەجێ کردنی پڕۆژەی حکومەت ، پڕۆژەی حزب و ململانێی تەسکی حزبی  تەوزیف بکەن.حزبەکانی تریش کەبەشداری لەپێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان دەکەن، دەبێت لەوە تێبگەن و بەشداری شەکڵی بەهیچ شێوەیەك قبووڵ نەکەن و بیسلمێنن کەلەدەرەوەی پارتی و یەکێتی هێزێکی کاراو پۆزە تیفن، نەك هیچزێکی نیگەتیف و پەراوێز کەوتوو. چونکە ئەگەر

لەم هاوكێشەیەدا خۆیان نەسەلمێنن و ڕۆڵی خۆیان نەبینن ، ئەوا لەداهاتوودا متمانەی جەماوەر و چین و توێژە جیاجیاكانی كوردستان بەدەست بێنن و پێكەوە پایەكانی یەكگرتوویی حكومەت و ناوماڵی كوردی و گووتاری كوردی لەسەرجەم ئاستەكاندا ڕاگرن.

من پێم وایە بەشداری حزبەكان لەپێكهێنانی حكومەتی یەكگرتووی كوردستان چەندە پێویستە ، بەرامبەر بەوەش بینینی باگراوەنی ئەم ڕێكەوتنە و ئیش كردن لەسەری زیاتر لەوە پێویستە و نابێت لەكارنامەی مامەڵەیان لەگەڵ حكومەت لەبیر بكرێت. ڕوونتر بەشداری حزبەكانی دەرەوەی پارتی و یەكێتی لەحكومەتدا، بەس نیە بۆئەوەی چین و توێژەكانی كوردستان متمانەی تەواوی خۆیان بدەنە حكومەت و گرێ و ئاڵۆزییەكانی ساڵانی ڕابردوو دەكرێنەوەو كۆتاییان پێدێ. بەڵكو گرنگی بەشداری ئەوان لەوێدا دەردەكەوێ كەبتوانن حكومەتی حزب بكەنە حكومەتی خەڵك و بیگەیەننە ئاستی خزمەتگوزاری و پێداویستیەكانی دۆزی كوردی و چین و توێژەكانی كوردستان. ئەگەر ئەمە نەكرێ حزبەكانی تر وەك پارتی و یەكێتی بەرپرسیار دەبن و متمانەی شەقامی كوردیش لەدەست دەدەن.